# ماركس بۆ ئەنگلس

لەندەن، لە 1867/9/11

...لە کۆنگرەی داهاتوو لە برۆکسل[1]، بەخۆم مشتێکی توند لەو برۆدۆنییە گێلانە دەوەشێنم. هەموو مەسەلەکانم بە شێوەیەکی دیپلۆماسی ڕێکخستووە و نامەوێ بە خۆم دەربکەوم تا کتێبەکەم بلاودەکرێتەوەو ڕەگی کۆمەڵەکەمان بتەو دەبێ. هەروا لە ڕاپۆرتی ڕەسمی بۆ شووڕای گشتی، قامچییەکیان لێدەدەم(سەرەڕای هەموو هەوڵکانی ئەو فرەبێژە پاریسیانە، ناتوانن ڕێگەگری بکەن لە سەرلەنوێ هەڵبژاردنمان).

لەم کاتەدا، کۆمەڵەکەمان پێشکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێناوە. ڕۆژنامەی(ستار)ی سوك ورسوا کە دەیویست بە ئێجگاری لە بیرمان بکات، دوێنێ لە سەروتارەکەیدا ڕایگەیاند کە ئێمە لە کۆنگرەی ئاشتی[2] گرنگترین. هەروا لە بەرلین، سکولز دیتلیش نەیتوانی ڕێگا بگرێ لە هاتنی(کۆمەڵە کرێکارییەکەی) بۆ ریزەکانی ئێمە. سوك وڕسواکانی نێو سەندیکاکانی ئینگلیز کە پێیان وا بوو، ئێمە زۆر((دوور))دەڕۆین، ئێستا بە غاردان بۆ لامان دێن. جگە لە ڕۆژنامەی کورییە فرانسیە، چەندین ڕاپۆرت لە ڕۆژنامەی جیاردان ئازادی، سیبکل، مود و غازێت دی فرانس بلاوکرانەوە...هتد، مەسەلەکان دەڕۆنە پێشەوە. لە شۆڕشی داهاتوودا کە لەوانەیە نزیکترە وەك دەردەکەوێت، ئەم ئامرازە زەبەلاحە بە دەستی ئێمەوە دەبێ(مەبەستم من و تۆیە). تۆ بەراوردی ئەمە بکە لە گەل سەرئەنجامەکانی ئەو چالاکییەکانە کە مازینی، هتد... لە ماوەی ئەو 30ساڵە دواییەدا، سەرکردایەتی دەکرد! لە بیرت نەچێ، ئەوە بەبێ کەرەستەی پوولی ئەنجامدراوە! لە گەڵ پیلانی برۆدۆنییەکان لە پاریس، وهاوچەشنەکانی مازینی لە ئیتالیا و ئێرەییکەرەکان لە نموونەی ئۆدجر و بوتەر لە لەندەن و لایەنگیرانی سکولز دیتلیش و لایەنگیرانی لاسال لە ئەلمانیا! بە ڕاستی ئێمە لەتواناماندایە زۆر رازی بین...*

2002/7/16

---

[1]/ ساڵی 1868 کۆنگرەی ئەنتەرناسیونال لە برۆکسل دامەزرا و مارکس تێدا ئامادە نەبوو بەڵام کارەکانی ئامادەکردنی ئاراستە کرد.

[2]/ مەبەست کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی ئاشتی و ئازادییە(سێپتێمبەری1867لە ژنێف)ە. ئەمە کۆمەڵەیەکی بۆرژوازی بوو لە پێناو ڕووبەڕووبوونی ئینتەرناسیونالی یەکەم دامەزرا.

3/*لە عەرەبییەوە، مراسلات ماركس/انكلز، ترجمة فؤاد أيوب، دار دمشق للطباعة و النشر.

# ماركس بۆ ف.ڕ. سورج

لەندەن، لە 19 تشرینی یەکەم/1877

...ڕوحێکی بۆگەن لە حزبەکەمان لە ئەڵمانیا دەردەکەوێت، هێزەکەیشی لە نێو جەماوەردا بە قەد هێزی لە نێو ڕابەرەکانی(چینی باڵا و((کرێکاران)))نییە. ئەو سازان وڕێککەوتنە لە گەڵ لاساڵییەکان بوو بەهۆی سازان و ڕێککەوتن لە گەڵ توخمە هەڵپەرستەکانی تریشدا: لە بەرلین(بڕوانە مۆست)لە گەڵ دوهرینگ و((سەرسووڕماوەکان))ی، دەبووایە ئێمەش لە گەڵ جەردەگەلێکی تەواو لە سەگکەلی نیو پێگەیشتوو و دکتۆری سەرووی دانایی لە خاوەن بڕوانامەکاندا بڕۆین کە دەیانەوێت هێڵێکی((ئیدیالی باڵا))بە سۆسیالیزم بدەن، واتە خستنەبەری لە بنچینە ماددییەکەی(کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانەی جددی هەیە لە هەر کەسێك بییەوێت بەکاری بهێنێت)بە میتۆدۆلۆژیای سەردەم لە گەڵ خواوەندەکانی دادوەری، ئازادی، یەکسانی و برایەتی. دوکتۆر هۆشیرخ کە گۆڤاری دواڕۆژ دەردەکات، نوێنەری ئەم هێڵەیە و پێموایە((ڕێگاکەی))بۆ ناو حیزب-بە((خاوێنترین))نیاز بڕیوە، بەڵام من هەرگیز بایەخ بە((نیازەکان)) نادەم. هیچ شتێك لە بەرنامەکانی گۆڤاری(دواڕۆژ)سووك و ڕسواتر نییە کە لەوانەیە بە ((پڕڕووییەکی خاکی)) ڕۆشنایی ببینێ.

کاتێ خودی کرێکاران وەك بەڕێز موست وهاوکارەکانی، دەبن بە هونەرمەندی پیشەیی، هەمیشە زیانی((تیئۆری))بەرهەمدەهێنن. ئەوانە هەمیشە ئامادەن بچنە ریزی ئەو کۆمەڵە سەرشێواوانە کە ناوی((ڕۆشنبیر))یان لە خۆ ناوە. ئێمە چەندین دەیەمان بە ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆرەوە بەسەربرد تا سۆسیالیزمی یۆتۆبیایی بە شێوەکی تایبەتی، لە مێشکی کرێکارە ئەڵمانەکان دەرکەین-لێ ئازادبوونیان، وایکرد لە باری تیئۆری(و پاشان بە کردەوەش)لە فەرەنسی وئەنگلیزەکان سەرکەوتووتر بن-. سۆسیالیزمی یۆتۆپی، یاریی بە تابلۆیەکی وەهمی دەکات لە سەر بونیادی کۆمەڵگای داهاتوو، سەرلەنوێ وەك ئاگری ناو دەغڵ بڵاودەبێتەوە، تا رادەیەکی زۆر، بەشێوەیەکی زۆر نزمتر، نەك تەنها لە بەراوردکردن لە گەڵ یۆتۆبییە فەرەنسی وئەنگلیزە گەورەکان، بەڵکو تەنانەت لە گەڵ...(وایتلیغ)یش. ئەوەش زۆر سرووشتییە، کە یۆتۆبیایی پێشی سەردەمی سۆسیالیزمی ڕەخنەگر، ماددی بوو، ئەم سۆسیالیزمە دواییە وەك ئاودانێك لەناو هەناویدا شاردووەتەوە، ئێستاش چیتر پاش بەسەرچوونی کاتەکەی، ناتوانێ ببێ بە شتێکیتر، تەنها بە هیچوپوچ، بێ نرخ، و لە پەنجەی پێیەوە تا بان سەر کۆنە پەرەست....